# بەردەوامبوون و گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەدا

# Foreign Policy Reorientation

### ئایا سیاسەتی دەرەوەی ولاتان گۆڕانی بەسەردا دێت؟

- **گۆران لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان یەکێکە لە بابەتە هەرە ئاڵۆزەکانی سیاسەتی دەرەوەو، زیاتر لە دوای جەنگی سارد گرنگی زانستی پێدراوە، لە دەرەنجامی گۆڕانی سیستمی نێودەولەتی کە دواتریش گۆرانی سیاسەتی دەرەوەی بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانی لێکەوتەوە.**
- **زۆربەی توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە ژمارەیەکی زۆر کەمی سیاسەتی دەرەوەی ولاتان گۆرانکاری ریشەییان بەسەردا دێت، بەڵکو زۆربەیان گۆرانکاری پلە بە پلەو (تغیر تدریجی) هێواشن.**
- **لەکاتی کۆتایی هاتنی دەوڵەت وەك کیانێکی سیاسی، یان کشانەوە لە هاوپەیمانێتیەك یان کشانەوە لە ڕێکخراوێکی نێودەولەتی، لەو حاڵەتانەدا دەولەت ئازاد دەبێت لە ئیلتزاماتەکانی رابردوو دواتریش گرتنە بەری سیاسەتێکی تازەو سەربەخۆ.**

**چارلس هێرمان چوار شێوازی جیاواز لە ڕوودانی گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەمان پێدەناسێنێت:**

- **گۆڕان لە خۆگونجاندن (التغير التكيفي)** adjustment changes: **گۆرینی ئاراستەی بایەخدان بۆ پرسێك.**
- **گۆڕان لە بەرنامە (التغير البرنامجي) program changes : گۆڕان لە میکانیزمەکان**
- **گۆڕان لە ئامانجەکان (التغیر في الاهداف) problem/goal changes: گۆڕان لە ستراتیژو جۆری ئامانجەکان.**

- گۆڕان لە ئاراستە نێودەوڵەتیەکانی سیاسەتی دەرەوە (التغير في التوجهات الدولية للسياسة الخارجية) international orientation changes : گۆڕین لە میکانیزمو ئامانجو ستراتیژ، واتا گۆڕانی ریشەیی.

هەرچی "نیکلسن" ە جیاوازی دەکات لە نیوان سێ بوار لە پرسی گۆڕانی سیاسەتی دەرەوە:

1- پلەی گۆڕان: واتا گۆارنی لاوەکی، خوگونجاندن یان ریفۆرم (گۆڕانی مام ناوەند)، دووبارە بونیاتنانەوە، گۆارنی ریشەیی کە دەکاتە گۆڕان لە بەرنامەو ئەجینداو ئامانجەکانو ستراتیژو ئاراستەی نێودەولەتی.

2- چوارچێوەی زەمەنی گۆڕان: ئایا گۆڕانەکە هێواشە و هەنگاو بە هەنگاوە یان خێرایە.

3- بواری گۆڕان: واتا گۆڕان لە چ بوارێکە، بواری سیاسی، دیبلۆماسی، ئەمنی، ئابوری، سەربازی. یانیش گۆڕان لە ناسنامەی نیشتمانی، سەربەخۆیی، هەروەها ئایا بوارەکانی گۆڕان بەامبەر دەولەتانن یان یەکە نادەولەتیەکانی تر.

⋆ رۆزناو لە تویژینەوەکەیدا گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە لە 10999 رەفتاری دەرەوەی ولاتان تەنها ٪3 رەفتاری ولاتان دەکەوێتە ئاستی چوارەم واتا گۆڕانی ریشەیی radical change.

چەند شێوازێکی تر کە دەبێتە هۆی گۆڕانی ریشەیی لە سیاسەتی دەرەوەدا:

- گۆڕینی نوخبەی سیاسی، دابەشبوونی نوخبەی سیاسی یەکێتی سوڤیەت دوای نەمانی لینین، هەروەها نوخبەی سیاسی میسری دوای نەمانی جمال عبدالناصر.
- لە ئەنجامی دەستێوەردانی گەورەی ولاتانی زلهێز لە ولاتانی تازە پێگەیشتوو و بچووک، ئەو سزایانەی کە ولاتە یەکگرتووەکان خستیانە سەر کوبا یان یەکێتی سوڤیەت کە خستیە سەر یوغسلافیا.

- **لە ئەنجامی روودانی شۆرش یان کودەتای سیاسیو سەربازی. وەك گۆرانی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سوڤیەت دوای شۆرشی 17 ئۆکتۆبەر، یان عیراق دوای روودانی شورشی عبدالکریم قاسم لە 1958 ، یان سیاسەتی دەرەوەی ئیرانی دوای شۆرشی 1979 .**